# شەوەکانی ئەو ژوورە

• کەژاڵ ئیسماعیل

لەو ژوورەدا..
نە هەناسەیەکی چاوەڕوانیی
نە خۆزگەیەک بۆ تەمەن،
نە زەردەیەک
بە لێواری عومرێکی توورە و خەماوی،
نە ئێوارەیەکی خۆڵەمێشی و
نە هەناوێکی ساردەوەبوو..
نە بزەیەکی ئۆخژناوی
بە ڕووخساری جێژوانی ئەوینەوە.

ئەو شەوە ساردانەی
غەم ئەبێ بە کاڵای ئەشک و
لەپێ دەستە تەزیوەکان ئەخوێنێتەوە،
ڕابردوو
ئەنرێتە تابووتەوە و
کفن بۆ داهاتوو ئەدروێت
تەنها
سەمای گڕی مۆمێکی هەڵقرچاوە
تارمایی جەستەیەکی نامۆ
ئەنێتە سەر دیواری
ئەو ژوورە چۆڵەی
بۆنی مەرگ
زەمەنێکە
بە لاجانگی تەنهاییدا هەڵپرژاوە.

ئەو ژوورە
خانمێکە
هەموو مێژووەکانی خوێندۆتەوە،
تەنها مێژوویەک
لە سەر ڕەفەکانی ئۆقرەیان نەگرت..!
ئەو ژوورە
سیمفۆنیایەکە
پەنجە نەما
سێبەر بە سەر دێڕەکانیدا

نەکێشێت،
چرا نەما
دوکەڵ بە سیمای
زەردهەڵگەڕاویدا نەپژێنێت!
ئەو ژوورە ساردە
پڕە لە یادوەری و
نامۆیی ناوەتە ژێر
باڵە ماندووەکانی هەموو بەیانییەک،
کە هاڵاوی
سەر پەنجەرەکانی حەزی
پێ دەسڕێت،
هەر کە شەو دێت
ئەیکاتە تابلۆیەکی بێ گیان و
لە ژوور تارماییەکانەوە
هەڵیداوەسێت.
•••

هۆلەندا 20-11-2005